# بەشێک لە قەسیدەی جوانترین ئافرەتی قیامەت

ڕووزار ئەحمەد
(داقووق)

ئێستا خەریکم پیریی پینە دەکەم
بەیانیان بەعەتری دوورە ژنێک
بەخۆم دەڵێم خۆشم دەوێی!
لەبەر ئاوێنەی کانتۆرەکە
هەرچی جلم هەیە دەیانخەمە
پێشبڕکێی کامیان تۆ پێت جوانە !
جاری وا هەبووە
لەدەرگای حەوشە گەڕاومەتەوە
جارێکی تر خۆم گۆڕیوە،
لەوەتی هەم کراسێکم نەکڕیوە
لەماڵەوە لێی پەشیمان نەبووبێتمەوە
قەت لەناو خێزانێکی قەرەباڵغدا
بۆ فیکرێکی تەندروست مەگەڕێ،
هەرچی لەژێر شوقەلەتی تەنگانەدا هەڵگریت
بۆگەن دەکا!
لەناو وەرز و کەشی خۆشدا نەڕوێی
گڕەی پاییزەژنێک ڕووتت دەکاتەوە
دڵفرۆشێک دەتبڕێتەوە
پاییزان تۆ بۆ لەتێک سۆز هار دەبی..
ئاخۆ چەند ژن و پیاو
بەناوادە وشکبوونەوە!
بۆ دۆزینەوەی شیرینی وشەکان
لەناو قووڵیی دڵی ژنێکدا بگەڕێ
جەنگێکی درێژخایەن هەڵگیرسێنە
ڕۆماننووسە مەزنەکان
گشتیان بەپێی ژنێک دەڕۆیشتن بەڕێوە
دەستی هەر ژنێک بگریت
تەقینەوەی شاکارێکە



گشت بەرد و دارێک ژن بیهاوێ
بەرکەوتەیەکی تری هەیە
ئێمە درەنگ لە شتەکان حاڵی دەبین
بۆ بەردێکی خۆش دەست گەڕاویت
تاوەکوو زۆرترین بازبازێن بەسەر ئاودا بکا
داڵەوازی پاساریت بینیوە
وەختێ بێچوەکەی بەزۆر
لە کونەکەی دەردەهێنێت
بە پلەپلار ڕیشۆڵەت کوشتووە،
ژیان لای ئەوانەی سەرقاڵن
زۆر بەخێرایی دەڕوات
قەت پشتێنێکی خۆر نادۆزیتەوە
پڕ بە کەمەری سەرمابردەیەک بێ
هەمیشە یان کورتە
یاخۆ پچڕاوە لە سەرما،
بەدرێژی مانگی سیپتەمبەر
با کۆڵێک قەرزاریی گەڵای هەڵگرتووە
سەر دەکا بەهەرچی ماڵێکدا
گسکلێدانی بێ ئاگاییە لە تەمەن
هێشتا تەرمی گوڵێکیان نەناشتووە
لەولاوە چنارێک وەک شەقشەقەی
مندالٚ دەلەرزێ
چەند ناخۆشە ڕووتبوونەوەی هێلانە
چیرۆکی شەوانەی کۆتران
بکەوێتە زاری بایەقووش
کراس و ستیانی کچە کوکوختییەک
ڕیشۆڵە لەبەری کا!
کەسمان تاقەتی دووبارە بیناکردنی
دڵ و ڕۆحێکی تری نییە
سەما و ڕەقس وەرزێکە
وەک تاوەباران
گوناهە نەیگرینە باوەش،
ئەگینا زۆر ناشیرینن ئەوانەی
لەناو سەف و پۆل و وەرز و
تەمەنێکی تردا سەرچۆپی دەگرن،
سیپتەمبەر مانگێکە
گشتمان بەنوسخەی ئەسڵی خۆمانی دەزانین،
ماڵی گشتمان دەگۆڕێ
کەچی دڵ هێشتا نووزەی بەهاری
یەکەمین تەعاروف و
هاوپەیمانێتی پەپوولە و چرا
ژنی لادێ و کۆڵە کنگر
شوان و چاوە چاوەی کچێکی
دڵ پڕ لە مراقی تازە گۆزەو...
منێکی کتێب بردە
تازە تازە بۆ تەعریفی خۆشەویستی
شیعرم بەقەد خۆما دەکەم،
مانگێکە ئەیلوول
هیچ نامێنێ لەگەڵ خۆیدا لوول و سوڕ و
باوەڕناکەم کەسمان لە پاشقوڵدانی
ئەیلوول ڕزگاری بێت،
تەماح بەرم ناداو
گیرفانی دڵم پڕبووە لە تۆ
کەچی ناتوانم کانتۆڕێک بکرم و
بە ئاشکرا نامەکانی تۆیان تێدا هەڵواسم،
خۆشەویستی بۆشاییەکی گەورەیە
هەوڵ بە قەت پڕی نەکەیتەوە
وشەکان کەوتنە پەڕە و کتێب
دەبن بەموڵکی خەڵکی،
نامەوێ بەزاری کەسەوە بتبینم
حەزەکەم وەکوو ئەهرامەکان
قەت خۆت نەدەی بەدەم تەفسیرێکەوە
نەفرەتی خۆشەویستی
لەوانەی دڵ بە عەقڵ ناخوێننەوە!
خەتای ئەیلوول نییە
من لە بەهارێکی زوودا

لەقاپی گوڵم دا
کەچی درک لەپەنجەرەوە بانگی کردم!
کراسی گوڵ گوڵیم دا بەدوورین
کەچی بەرگدوورەکە وتی
ڕەشت زۆر لێ دێ،
وەرزشم دەکرد تا دوورکەومەوە لێت
کەچی بە لێدانی سزای تۆ
دڵم بوو بە تۆڕێکی دڕاو،
وەکوو دەرزی و تیرەی ناو
قووتووی تەمەنی درێژی پیرەژنێک
من بەردەوام سەرەتاتکێی چوونە ناو دڵی تۆمە!!
دەزانم کاتێ دەرباز دەبم
دەزووی خۆشەویستی لە کورتی داوەو
ناگا بەدوورینەوەی دیدارێک،
دڵ وەکوو سفرەی کاتی ئەمڕۆی لێهاتووە
هەندێکیان بەدەستەوە دەدڕێن و
زۆریان بەسەر ڕەفەکانەوە
تەمەنیان تۆزاوی دەبێ و
لە قەدیان دەنووسن.. (دوای داشکاندن)!
لەماڵە هەژارەکاندا سفرە
ڕۆحێکی هەتا هەتاییان بۆ دووریوە
پاش گشت دیدارێ
وەکوو منداڵ دەیشۆرن
وەکوو کراس و ستیانی تازەبووک
دوور لەچاوی هەتاو
هەڵی دەواسن!